# زادُ العِبادِ

تويشوى خواناسان

ناوی کتێب : **توێشوی خواناسان - زاد العباد**

ئامادە کردن : **بەشی زانستی لە دامەزراوەی (( الدُّرَر السَّنيَّة ))**

بەسەرپەرشتی شێخ : **عَلوي بن عبدِ القادِرِ السَّقاف**

وەرگێڕانی : **پشتیوان حسن کرم**

ژمارەی سپاردن : **( ٦٧٨ ) ساڵی ٢٠٢٢**

نۆرەی چاپ : **یەکەم**

ساڵی چاپ : **(( ١٤٤٤ ک - ٢٠٢٢ ز ))**

تیراژ : **١٠٠٠**

بنکەی سەرەکی بڵاوکردنەوە

دیزاین

ناوەندی تیشک

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

0770 143 2113

سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک
نهۆمی یەکەم
دوکانی ژمارە ٦٩ - ٧٠

Mahren
Design

بە سەرپەرشتی
ماڵپەری بەهەشت

بەهەشت
ماڵپەڕی بەهەشت
www.ba8.org

# زادُ العِبادْ
# تویشوی خواناسان

بیروباوەڕەکان • ئەحکامەکان • ڕەوشت و ئاکار • ڕەقائق • ئاداب و ڕەفتار • زیکرەکان • دوعاکان


ئامادەکردنی

بەشی زانستی لە دامەزراوەی (( الدُّرَر السَّنيَّة ))

وەرگێڕانی

پشتیوان حسن کرم



الدُّرَرُ السَّنِيَّة
www.dorar.net
مرجع علمي موثّق على منهج أهل السُّنة والجماعة

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان ، ئەو خوایەی کە ڕێگای هیدایەتی بۆ تەواوی دروستکراوەکانی روون کردۆتەوە و ئاسانیشی کردووە و فەرمانیشی پێ کردوون کە توێشوو لەو ڕێگایە کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی ببن بە بەندە تەقوادار و لەخواترسەکان و شاهێدی دەدەین کە هیچ خوایەك شایەن و شایستەی پەرستن نییە جگە لە اللہ نەبێت و تاك و تەنهایە و هیچ هاوبەش و هاوکار و هاوشێوە و هاوشانی نییە، پەرستراوی سەرەتای مرۆڤایەتی و دواهەمین هەتا ڕۆژی دوایی ، سەرکەوتن و بردنەوە تەنها لە گوێڕایەڵی ئەودایە و سەربەرزی و بڵندیش تەنها لە ملکەچ بوون بۆ ئەودایە و هیدایەتی تەواو بریتیە لە بەرکەوتنی نووری ئەو و چاکبوون و بەختەوەری لە ترسان لەودایە، پاك وبێگەردی بۆ ئەو خوایە کە بەسۆز و بە بەزەیی و مەزن و گەورەیە، خوایەك ئەگەر گوێڕایەڵی بکرێ سوپاس دەکات و سەرپێچی بکرێ لێخۆش دەبێ و داوای لێ بکرێ دەبەخشێ و بانگی بکرێ وەڵام دەداتەوە.

شاهێدیش دەدەین کە پێغەمبەرمان موحەممەد صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت بەندە و پەیامهێنی خوایە و لەنێو دروستکراوەکانیدا دەستەبژێرکراوە و کردوویەتی بە متمانەپێکراو بەسەر وەحی و پەیامەکەی خۆیەوە و نێردەی خۆیەتی لەنێوان خۆی و بەندەکانیدا و بە دینێکی بەهێزی ڕێك و تەواو ڕەوانەی کردووە و لەسەر ڕێگایەکی ڕاست و فراوان و ڕوون دایناوە، وەکو ڕەحمەت و بەزەیی بۆ هەموو جیهان نێردراوە، و گوێڕایەڵی و ڕێزی ئەوی فەرزکردووە لەسەر خەڵکی و خۆشویستنی و مافپێدانی واجب کردووە لەسەر شوێنکەوتوانی و خۆشبەختی دونیا و دوارۆژیشی پەیوەست کردووە بە شوێنکەوتنیەوە ، بەدبەختی و چارەڕەشی دونیا و دوارۆژیش وابەستەیە بە سەرپێچی کردنیەوە و لەفەرمان دەرچوونی.

**پاش ئەوە:** باشترین شتێك كە موسڵمان خۆی پێوە سەرقاڵ بكات و ژیانی پێ ئاوەدان بكاتەوە و ئەو مەبەستە بپێكێت كە لەپێناویدا دروست كراوە ، بریتیە لە خۆتێگەیاندن لە دینی خوا و فێربوونی ئەو بابەتانەی كە بیروباوەڕن ، كردەوەكردن بەو حوكمانەی كە بابەتی كردارەكین، دوای ئەوەش خۆڕازاندنەوە بەو ئاكار و ڕەفتارە جوانانەی كە ئەو دینە ڕێنمایی بۆ دەكات، گومانیشی تێدا نییە كە تێگەیشتن لە دینی خوا لەهەردوو وەحیەكەوە دەبێت كە بریتین لە قورئان و سوننەت، كتێبی توێشووی خواناسانیش (زاد العباد) لە ژیانی دونیا و دوارۆژیاندا لەو دوو وەحیەوە وەردەگیرێت.

هەر لەبەر ئەمە دامەزراوەی " **الدرر السنية** " وای بینی كە كتێبێك كۆبكرێتەوە بۆ ئەوەی ببێت بە توێشوو بۆ خەڵكی و موسڵمانان سوودی لێ ببینن لە دین و دونیایاندا، بەشێوەیەكیش بێت ڕاستەوخۆ لە قورئان و فەرموودەوە وەرگیراوبێت ، ئەو بابەتانەش لەخۆبگرێت كە موسڵمان نابێت نەیزانێت لەبواری دینەكەیدا.

## جا شێوازی کارمان لەم کتێبەدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١) دابەشکردنی کتێبەکە بۆ حەوت بەشی سەرەکی، کە ئەمانەن:

• بیروباوەڕ • ئەحکام • ڕەوشت • زیکرەکان
• بابەتی دڵنەرم کردن ( الرقائق ) • ئاداب • دوعاکان.

٢) هەر بەشێك لەوانە چەندین ناونیشانی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کەلە ژێرەوەیدا چەندین ناونیشانی لاوەکی لێ دەبێتەوە، کە هەر بابەتێك لەوانە پێك دێت لە ئایەتێك یان زیاتر کە پەیوەستە بە بابەتەکەوە، هاوکات لەگەڵ ئاماژە کردن بە فەرموودەیەك یان زیاتر بەپێی پێویستی مەبەستەکە. کە لەباس کردنەکەی خوارەوەیدا هەم تەفسیری ئایەتەکە و هەم ڕاڤەی فەرموودەکەش باس کراون.

٣) تەفسیرکردنی ئایەتەکان بەشێوەکی گشتی ( إجمالی ) لەگەڵ ئاماژەدان بۆ چەند سوود و ئامۆژگارییەکی پەیوەست پێیەوە بەگوێرەی پێویستی بابەتەکە.

٤) ڕاڤەکردنی فەرموودەکان بەشێوەیەکی کورت و پوخت و ڕوون، شیکردنەوەی وشە نامۆ و ئاڵۆزەکانی و باسکردنی چەند سوودێکی و چارەسەکردنی بابەتی ناڕوون و دژوار و نەهێشتنی لێڵی و ڕۆشنکردنەوە ولابردنی گومانەکان.

٥) گرنگیدان بە بیروباوەڕی دروست و ڕەسەن و دوورکەوتنەوە لە پێچەوانەکەی کە ڕووی داوە لە قسەی موفەسیرێك یان ڕاڤەکاری فەرموودەکان.

٦) دوورکەوتنەوە لە باسکردن و هێنانەوەی ڕاجیاوازییە فیقهییەکان.

٧) پشتبەستن بە سەرچاوە هەرە دیار و تەواوەکانی تەفسیری قورئان و دیارترینی کتێبەکانی فەرمووده و ئاماژەکردن بۆیان بەگوێرەی پێویست لەترسی درێژنەبوونەوەی بابەتەکە.

٨) ڕەچاوکردنی وردبینی زمانەوانی و ڕێنووس و دانانی سەر و ژێر و بۆر (فتحة و كسرة و ضمة) بۆ دەقەکان.

**٩)** تەخریجکردنی فەرموودەکان، ئیتر لە ناونیشانەکە هاتبێت ئەو دەقە یان لەمیانەی ڕاڤەکردنەکەدا ئاماژەی پێکرابێت، هەوڵیش دراوە زیاتر لە بوخاری و موسلیمدا فەرموودە بهێنرێتەوە مەگەر لەو دووانە نەبن ، ئەوجا لە سەرچاوەکانی تری فەرموودەدا دەرهێنراون لەگەڵ ئاماژەکردن پێیان.

**١٠)** دانانی پێڕستی سەرچاوەکان و ناوەڕۆك بۆ کتێبەکە کە یارمەتی خوێنەر دەدات هەر زوو ئەو باسە بدۆزێتەوە کە جێگەی مەبەستێتی و بابەتی دڵخوازی بەرچاو بکەوێت.

جا ئومێد ئەکرێ ئەم کتێبە وەکو ناوەکەی ببێتە توێشوو بۆ هەموو کەسێك و لە هەموو مزگەوت و کتێبخانە و ماڵێکدا هەبێت ، وتاربێژ و پێشەوای نوێژخوێن و بانگخواز ومامۆستا و پێگەیەنەر و پەروەردەکار و فێرخوازی زانست و گشت خەڵکی سوودی لێ ببینن ، ئیتر بە خوێندنەوەی بێت یان گوێبیست بوونی.

والحمدُ للهِ ربِّ العالمين، وصلّى اللهُ و سلّم على نبيّنا محمّدٍ وعلى آلِهِ وأصحابِهِ أجمعين

سەرپەرشتیار لەسەر کتێبەکە

admin@dorar.net

# پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ خوای تاك و تەنها، ئەو خوایەی کە لەسەرووی عەرشەوە و لەبەرزترین شوێنەوە ئاگای لە نزمترین شوێنە و لاوازترین دەنگ دەبیستێت، و تاریکی و رووناکی بۆ ئەو جیاوازی نییە، چاودێرە بەسەر دروستکراوەکانیەوە، و تەنانەت نیەتی دڵ دەزانێت و لەسەریشی پاداشت دەداتەوە، و ئەوەی بە ناخدا گوزەر دەکات ئەو دەیزانێت و تەواو ئاگای لێیەتی، بۆیە هیچ شتێك لای شاراوە و پەنهان نییە، ئەوەی لای ئێمە نەبینراوە لای ئەو بینراوە، ئەوەی لای ئێمە نەبیستراوە لای ئەو بیستراوە، ئەوەی لای ئێمە نەزانراوە لای ئەو زانراوە، خوایەك کە بێ هاوتا و بێ نیاز و جێی نیازە، بێ پێویست و جێی پێویستیە، پەنادەری پەناخوازان، فریاگوزاری لێقەوماوان، رێپیشاندەری ونبووان، و دۆستی چاکەکاران، و پشت و بەرگریکاری ژێردەستە و بێ دەسەڵاتان، خوایەك کە گەردیلەیەك گوفتار و کردار لای وون نابێت، خوایەك کە تەنها بەناوبردنی شیفا بۆ نەخۆش دێت و لەگەڵ ناو بردنیدا هیچ زیانێك ڕوو نادات، و تەنانەت تەنها ناوبردن و یادکردنیشی خواپەرستیە، چ جای پەرستنی وەکو ئەوەی خۆی دەیەوێت، بۆیە هەر شایەنی پەرستن و ناسینە، دەسا خوایە ئەو توانایەت پێ نەداوین کە وەکو خۆت وەصفت بکەین و زمانمان توانای وتنی هەر ئەوەندەی هەیە و دەستمان توانای نووسینی ئەوەندەی پێ دراوە، بۆیە ئەوەی نووسیم لەبارەی تۆوە ئەوە نییە کە دەمەوێت بەڵکو ئەوەبوو کە توانیم و زانیم، ئیلاهی باوەڕمان پێتە وەکو ئەوەی خۆت دەتەوێت و ویستت لێیەتی. و تۆش بەوە ناسراوی کە لە کەموکورتی چاوپۆشی دەکەیت و لەتاوان خۆش دەبیت.

درووود و سەلامیش بۆ سەر پێشەنگ و پێغەمبەرمان موحەممەد، ڕەوانەکراوی پەروەردگار و گەیەنەری پەیامی خوا بۆ مرۆڤایەتی، ئەو پێغەمبەرەی کە لە ڕاستگۆییدا لە لوتکەدا بوو، لەدەستپاکیدا لەوپەڕیدا بوو، لە بوێریدا وێنەی نەبوو، لە رەوانبێژیدا بێ هاوتا بوو، لە بەخشیندا نمونەبوو، لە بەزەییدا پڕپڕبوو، لە ڕەوشتدا خوا وەصفی دەکات، لە ڕەفتار و

هەڵسوکەوتدا وەکو قورئان بوو، لە جوانیشدا لە پێش یوسفەوە بوو سەلامی خوایان لەسەر بێت....

کە خوای میهرەبان مرۆڤی نارده سەر زەوی و زۆری کردو بڵاوی کردەوە بەسەر زەویدا، دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دە سەدە و هەتا دوای سەردەمی پێغەمبەر نوح عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ ئەوجا شەیتان توانی لەخشتەیان بەرێت و تووشی شیرك و بت پەرستیان بکات و لەڕێگای ڕاست ونیان بکات و سەرلێشێواویان بکات، بۆیە خوای پەروەردگاریش پێغەمبەرانی یەك لە دوای یەك بۆ مرۆڤایەتی ڕەوانە دەکرد بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن و یەخسیری شەیتان نەبن و نەکەونە داویەوە، هاوکات لە پەڕاوە ئاسمانیەکانیشدا پیلان و نەخشەی شەیتانی بۆ ئادەمیزاد ئاشکرا کردبوو، وە ڕایگەیاندبوو کە شەیتان دوژمنی سەرسەختی ئێوەی بەنی ئادەمە و چاك ئەوە بزانن، بۆیە هەمیشە گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن و پەنا بەخوا بگرن لە شەیتان و شوێنکەوتوانی.

جا بۆ ئەوەی مرۆڤی موسڵمان لەم دونیا پڕ مەترسیەدا بە سەلامەت دەربچێت و تووشی داوی شەیتان نەبێت و نەفس هەڵی نەخەڵەتێنێت ئەوا دەبێت سەرەتا خاوەنی بیروباوەڕێکی ڕاست و دروست بێت، و پاشان ئەو حوکمانەی کە باسی حەڵاڵ و حەرام دەکەن لەبارەی دینەکەیەوە بیانزانێت و فێریان ببێت و پەیڕەویان بکات، دواتر خۆی بڕازێنێتەوە بە ڕەوشتی دیندارانە و ڕەفتاری جوان و هەڵسوکەوتی شیاوی لێ بوەشێتەوە کە خواناسی پێوە دیار بێت و ڕەنگدانەوەی ئاینەکەی بێت، ئەوجا ئەو باس وپرسانەش بزانێت کە بەهۆیانەوە دڵی پێ نەرم دەبێت و ناخی ئارام دەبێت و ڕزگاری دەکەن لە دڵڕەقی و کارەکانی دڵی بۆ فەراهەم دەکەن، چونکە کردارەکان تەنها بە جەستە ناکرێت و دڵیش بەشدارە لە ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی کە مرۆڤی پێ دەچێتە بەهەشت هاوکات ئەو ئاداب و نەریتە دینیانە بزانێت کە لە دینەکەیدا هاتووە بۆ ئەوەی موسڵمانێکی پەیڕەوکاری ئاینەکەی بێت و هەمیشە دەم بە زیکر بێت ویادی خوا بکات و بۆ ساتێکیش خوا لەبیرنەکات، چونکە بێ ئاگایی دەردێکی کوشندەیە و پێچەوانەی پەیامی ئیسلامیە و لە کۆتاییشدا دەبێت دوعا بکات کە خوا ئەم

کارانەی لێ وەرگرتبێت و تەنها لەپێناوی ئەودا کردبێتی و داوا لە خوا بکات کە یارمەتی بدات بۆ بەردەوام لەسەریان و واز لێ نەهێنانیان هەتا دوا ساتەکانی ژیان.

جا ئەمەی ڕابورد لەو چەند دێڕەدا بەکورتی ناوەڕۆکی ئەم کتێبەیە، کە هەموو ئەو باسانە لەخۆ دەگرێت، ئەم پەرتووکەی پێش دەست وچاوت کارێکی کەم وێنە وپێویستە بۆ موسڵمان، هەردەم چاوی لەسەری بێت، چونکە بابەتێکی تێدا نییە کە موسڵمان کاری پێ نەکەوێت و ئیشی پێ نەبێت، بۆیە جێگەی خۆیەتی کە لە هەموو ماڵێکدا هەبێت و بخوێنرێتەوە بە هەمیشەیی، و لەناو کۆڕ و دانیشتنەکانیشدا باس بکرێت و بابەتەکانی ئاماژە پێ بدرێت بۆ ئەوەی گوێگر و قسەکەر لەو خێرەدا بەشدار بن. لەکۆتاییشدا لە خوای تاک داواکارم کە لێمی قبوڵ کردبێت و پاداشتی نووسەر و خوێنەر و ئەو کەسەشی کە چاپی دەکات بداتەوە. ئامین.

وەرگێڕ : پشتیوان حەسەن کەرەم

کەلار – کوردستان | ١١ جمادى_الآخرة ١٤٤٣هـ. | ٢٠٢٢/١/١٤

malpariw@gmail.com



# ناوەڕۆك


**پێشەكی ........................................................................................ ٥**

جا شێوازی كارمان لەم كتێبەدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:................................... ٧

**بیروباوەڕەكان ................................................................................... ١٣**

**ئیمان............................................................................................ ١٤**

كرۆك و حەقیقەتی ئیمان........................................................................ ١٤

ئیمان وتە و كردەوەیە و زیاد وكەم دەكات....................................................... ١٩

خۆشویستنی باوەڕداران لە ئیمانە............................................................... ٢٥

فەرمان بەچاكە و نەهی لە خراپە لە ئیمانە....................................................... ٢٧

تام و شیرینی ئیمان............................................................................. ٢٩

**باوەڕ بە پەروەردگارێتی خوا بە تەنهایی ( توحید الربوبیة ) ........................................ ٣٢**

پاك ڕاگرتنی خوا لە هاوسەر و منداڵ.............................................................. ٣٢

تاك وتەنهایی خوا لە بەدی هێناندا................................................................ ٣٤

تاك و تەنهایی خوا لە زیندوكردنەوەو مراندندا...................................................... ٣٦

تاك و تەنهایی خوا لە رۆزی دان و دیاری كردنی كاتی مردن........................................ ٣٨

تاك و تەنهایی خوا لە بەڕێوەبردنی گەردووندا...................................................... ٤٠

**باوەڕ بە خوایەتی خوا بەتەنهایی ( توحید الألوهیة ) ................................................ ٤٣**

فەزڵ و گرنگی یەكخواپەرستی................................................................... ٤٣

عیبادەت كردن تەنها بۆ خوا...................................................................... ٤٧

پەناگرتن بە خوا بەتەنها......................................................................... ٤٩

داواكردنی هاوكاری تەنها لە خوا.................................................................. ٥٢

ئاژەڵ سەربڕین تەنها بۆ خوا..................................................................... ٥٤

نەزركردن تەنها بۆ خـوا.......................................................................... ٥٦

**باوەڕ بە ناو و صیفاتەكانی خوا ( توحید الأسماء و الصفات ) ....................................... ٥٨**

ناوە جوانەكانی خوای گەورە...................................................................... ٥٨

صیفەتی الرَّحمن................................................................................. ٦٠

بەرزی و بڵندبونی خوا بۆ سەر عەرش........................................................................ ٦٤
بینینی خوا لەلایەن باوەڕدارانەوە لە ڕۆژی دواییدا........................................................... ٦٦
هیچ کەس غەیب نازانێت خوا نەبێت........................................................................... ٦٨
پێغەمبەران غەیب نازانن......................................................................................... ٧١
ڕۆح لە زانینی خوای گەورەدایە.................................................................................. ٧٤

**مەرجەکانی ( لا إله إلاّ الله ) .................................................................... ٧٦**

( العلم ) زانین ...................................................................................... ٧٦
یـــــەقـــیـــــن...................................................................................... ٧٨
قەبوڵ ................................................................................................. ٨٢
ملکەچ بوون ( الإنقیاد ) ........................................................................... ٨٥
ڕاستگۆیی ( الصدق ) ............................................................................. ٨٧
تەنها خوا مەبەست بوون ( الإخلاص )............................................................ ٨٩
خۆشەویستی ( المحبة ) .......................................................................... ٩٠

شیرك و هۆکارەکانی.................................................................................... ٩٣
سیحر....................................................................................................... ٩٦
جادووکەری................................................................................................ ٩٩
چوونە لای جادووباز وفاڵگرەوەکان و باوەڕکردن بە قسەیان................................ ١٠٠
داوای باران بارین لە ئەستێرەکان ( الإستسقاء بالنجوم )................................... ١٠٢
نوشره ( النُّشْرَةُ )......................................................................................... ١٠٥
تەمیمە ( التَّمائِمُ )....................................................................................... ١٠٧
( الطِّيَرَةُ )................................................................................................ ١٠٩
پێش چاوی ( الرياء )..................................................................................... ١١٣
سوێند خواردن بە جگە لەخوا وکەفارەتەکەی................................................... ١١٧
مزگەوت دروست کردن لەسەر گۆڕ................................................................. ١١٩
زیادەڕۆیی کردن لە وەصفی پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.............................................. ١٢١
زیادەڕۆیی کردن لە وەصفی پیاوچاکاندا........................................................... ١٢٣

**باوەڕ بە قەزا وقەدەر ............................................................................ ١٢٥**

تەسلیم بوون بە قەدەر.................................................................................. ١٢٥
نووسینی ئەندازە و ڕێژەی مەخلوقات.................................................................. ١٣٠

باوەڕ بە قەدەر دژ و پێچەوانەی کارکردن نییە........................................١٣٣
پەناگرتن بە خوا لە قەدەری خراپ..................................................................١٣٧
هەموو منداڵێك لەسەر فیترەتی پاك لەدایك دەبێت..........................................١٣٨
هیدایەت لەلایەن خواوەیە..........................................................................١٤٠
چاوپیسی حەقە و لە قەدەرەوەیە..................................................................١٤٢
گەشبینی وقسەی چاك................................................................................١٤٤

**خۆشی و سزای ناو گۆڕ ........................................................................ ١٤٥**

بوونی خۆشی وسزای ناو گۆڕ........................................................................١٤٥
مردوو بەهۆی گریانی کەسوکاریەوە سزا دەدرێت..............................................١٥٠

**نیشانە بچووکەکانی رۆژی دوایی .............................................................. ١٥١**

شەش نیشانە ودیاردە پێش هاتنی رۆژی دوایی..................................................١٥١
زۆربوونی درۆ و چەواشەکاری.....................................................................١٥٤
کەمی زانست، و زۆری نەزانین......................................................................١٥٦
زۆربونی کوشتن و لێك نزیك بوونەوەی کات...................................................١٥٨
شوێنکەوتنی گاور و جولەکە........................................................................١٦٠
گرتنە دەستی کاروبار لەلایەن کەسانی نەشیاوەوە.............................................١٦٣

**نیشانە گەورەکانی رۆژی دوایی ................................................................ ١٦٥**

دە نیشانە پێش هاتنی قیامەت.....................................................................١٦٥
دابەزینی عیسا عليه السلام..........................................................................١٦٩
فیتنەی دەججال.......................................................................................١٧٢
دەرچوونی یەئجوج و مەئجوج.....................................................................١٧٥
رۆح کێشانی باوەڕداران پێش هاتنی قیامەت....................................................١٧٨

**باوەڕ بە رۆژی دوایی ............................................................................ ١٧٩**

فووکردن بە کەڕەنادا (صور).......................................................................١٧٩
زیندووبونەوە...........................................................................................١٨٣
نزیك بوونەوەی خۆر لە خەڵکی.....................................................................١٨٦
حەشری خەڵکی........................................................................................١٨٧
کەوسەر و حەوز......................................................................................١٨٩
پیشان دان و لێپرسینەوە............................................................................١٩٣
شایەتی دانی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لەسەری...........................................١٩٥

میزان.................................................................................................................١٩٧
پردی سیرات.........................................................................................................١٩٩
( القنطرة ) ئەو شوێنەی لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدایە..........................................٢٠١

**شەفاعەت ........................................................................................................ ٢٠٢**

شەفاعەتی هەرەگەورە...........................................................................................٢٠٢
شەفاعەت بۆ ئەو باوەڕدارانەی کە لە دۆزەخدان.........................................................٢٠٧
شەفاعەتی تایبەت بە ئەبی تالیبەوە...........................................................................٢٠٩

**بەهەشت ودۆزەخ ................................................................................................ ٢١٠**

بەهەشت و دۆزەخ ئێستا بوونیان هەیە......................................................................٢١٠
شێواز و سیفەتی بەهەشت.......................................................................................٢١٣
بەردەوامی نیعمەتی بەهەشت...................................................................................٢١٦
بازاڕی بەهەشت....................................................................................................٢١٩
ئەم ئوممەتە نیوەی ئەهلی بەهەشتە...........................................................................٢٢٠
شێواز و سیفەتی دۆزەخ..........................................................................................٢٢١
بەردەوامی و هەمیشەیی سزای بێباوەڕان لە دۆزەخدا...................................................٢٢٤

**بیروباوەڕ سەبارەت بە فریشتە و جنۆکە ................................................................... ٢٢٦**

فریشتە بەڕێزەکان..................................................................................................٢٢٦
جنۆکە.................................................................................................................٢٣١

**تەوەسولی ڕێگەپێدراو ......................................................................................... ٢٣٤**

تەوەسول کردن بە ناوە پیرۆزەکان و صیفاتە بەرزەکانی خوای گەورە..............................٢٣٤
تەوەسول بە هۆی کاروکردەوەیەکی چاکەوە.................................................................٢٣٦
تەوەسول کردن بە دوعای پێغەمبەران و پیاوچاکان.......................................................٢٤٠
پێغەمبەری خوا ﷺ هیچی بەدەست نییە بۆ هیچ کەس...................................................٢٤٢

**دەست گرتن بە قورئان و سوننەتەوە ......................................................................... ٢٤٤**

گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ وشوێنکەوتنی سوننەتەکەی.......................................................٢٤٤
ئاگاداری دان و وریاکردنەوەی لە بیدعە و کارە داهێنراوەکان..........................................٢٥٠
نەهی کردن لە زۆرلەخۆکردن و فشارخستنە سەرخۆ.......................................................٢٥٢
نێوەندگیری و وەلانانی توندڕەوی.............................................................................٢٥٤
ئاگادارکردنەوە لە فێڵ و حیلەی شەرعی......................................................................٢٥٦

ئاگادارکردنەوە لە درۆکردن بە ناوی پێغەمبەری خواوە ﷺ..........٢٥٨
پاداشتی بانگخواز بۆ هیدایەت وبانگخواز بۆ گومڕایی..........٢٥٩
سەرزەنشت کردنی دووبەرەکی و ناکۆکی..........٢٦٠
کۆمەڵی سەرکەوتوو..........٢٦٣

**تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ .......... ٢٦٥**

مۆری پێغەمبەرێتی..........٢٦٥
گشتێتی بانگەوازەکەی بۆ هەموو خەڵکی و زۆرترین شوێنکەوتوی هەیە لەنێو
پێغەمبەراندا..........٢٦٧
ئیسرا و میعراج (شەوڕەوی و بۆلای خوا بەرزبوونەوە)..........٢٦٩
شەیتان خۆی ناخاتە سەر شێوەی پێغەمبەر ﷺ لە خەوندا..........٢٧٣

**.......... ٢٧٤**

**فەزڵی هاوەڵان و خانەوادەی پێغەمبەری خوا ﷺ .......... ٢٧٥**

باشترین سەردەم..........٢٧٥
فەزڵی جێنشینە ژیرەکان..........٢٧٧
دە مژدە پێدراوەکەی بەهەشت..........٢٧٩
ڕێزگرتن لە خانەوادەی پێغەمبەری خوا ﷺ..........٢٨٣
نەهی کردن لە جنێودان بە هاوەڵان رضي الله عنهم..........٢٨٥

**ئەحکامەکان .......... ٢٨٧**

**پاك و خاوێنی.......... ٢٨٨**

نەهی کردن لە ڕووکردن وپشتکردن لە قیبلە لەکاتی سەرئاوکردندا..........٢٨٨
دوعای چوونە سەرئاو و دەرچوون لێی..........٢٩١
خۆپاك ڕاگرتن لە بەرکەوتنی میز..........٢٩٣
حوکمی نوێژکردن بەبێ دەستنوێژ..........٢٩٥
فەزڵی دەستنوێژ..........٢٩٦
چۆنێتی دەستنوێژ..........٣٠٠
شوێنەواری جوان دەستنوێژگرتن لەڕۆژی دواییدا..........٣٠٣
..........٣٠٣
دوعا لە دوای دەستنوێژەوە..........٣٠٤
ئەنجامدانی هەموو نوێژەکان بە یەك دەستنوێژەوە..........٣٠٥
هەڵوەشێنەرەوەکانی دەستنوێژ..........٣٠٧

گومان لە دەستنوێژ لەناو نوێژدا.................................................... ٣٠٩
دەستنوێژگرتنی کەسی لەشگران پێش خەوتن و خواردن.................................................... ٣١٠
مەشروعیەتی تەیەموم و شێوازەکەی.................................................... ٣١١
شێوازی غوسل کردن لە لەشگرانی.................................................... ٣١٣
شێوازی غوسل کردن لە حەیز.................................................... ٣١٥
ئافرەتی حەیزدار رۆژو بە قەزا دەگرێتەوە بەڵام نوێژ قەزا ناکاتەوە.................................................... ٣١٨
چۆنێتی خۆپاك کردنەوە لە میزی منداڵ.................................................... ٣٢٠
باوەڕدار پیس نابێت.................................................... ٣٢٢
بەڵای راست دەستپێکردن لە بابەتی پاکژکاریدا.................................................... ٣٢٣
سیواك.................................................... ٣٢٤
مەسح کردن لەسەر خوف و مێزەر.................................................... ٣٢٦
ماوەی مەسح لەسەر خوف.................................................... ٣٢٧
خەسڵەتەکانی فیترەت.................................................... ٣٢٨

**بانگ و کاتەکانی نوێژ .................................................... ٣٣٠**

فەزڵی بانگ دان.................................................... ٣٣٠
وەڵامدانەوەی بانگبێژ و ئەوەی لە دوایەوە دەوترێت.................................................... ٣٣٢
حوکمی نوێژنەکەر.................................................... ٣٣٥
فەزڵی پێنج فەرزەی نوێژ و پارێزگاری کردن لێیان.................................................... ٣٣٧
کاتەکانی پێنج نوێژە فەرزەکە.................................................... ٣٣٩
فەزڵی نوێژکردن لە کاتی خۆیدا.................................................... ٣٤٢
ئەنجامدانی نوێژی بەیانی لەکاتی (( الغَلَس ))دا.................................................... ٣٤٤
دواخستنی نوێژی عیشا.................................................... ٣٤٥

**چۆنێتی نوێژ و شێوازەکەی .................................................... ٣٤٧**

فەرموودەی ئەو کەسەی کە هەڵەی کرد لە نوێژەکەیدا.................................................... ٣٤٧
خوێندنی فاتیحە روکنە لە نوێژدا.................................................... ٣٤٩
فەزڵی خوێندنی فاتیحە لە نوێژدا.................................................... ٣٥١
زیکرەکانی نوێژ.................................................... ٣٥٣
دوعا لە ناونوێژدا.................................................... ٣٦٠
سوجدەبردن لەسەر حەوت ئەندام.................................................... ٣٦٢
دوعا لە سوجدەدا.................................................... ٣٦٤
تەحیات لە نوێژدا.................................................... ٣٦٦

سەهو کردن لە نوێژدا........................................................................ ٣٦٨

**نوێژی جەماعەت .......................................................................... ٣٧١**

فەزڵی نوێژی جەماعەت.................................................................... ٣٧١
حوکمی نوێژی جەماعەت لە مزگەوت.................................................... ٣٧٢
هاندان بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی و عیشا بە جەماعەت............................. ٣٧٤
قورسترین نوێژ لەسەر دوڕووەکان......................................................... ٣٧٦
پارێزگاری کردن لە نوێژی بەیانی و عەسر............................................... ٣٧٧
ئاگادارکردنەوە لە لەدەستدانی نوێژی عەسر............................................... ٣٧٨
ڕێك و ڕاست بوونی ڕیزەکان و فەزڵی ریزی یەکەم...................................... ٣٧٩
ئەوەی فریای دەکەویت لە کاتی نوێژ ، ئەوەی پێی ڕادەگەیت لە جەماعەت ............ ٣٨٢
فەزڵی نوێژی ئافرەت لە ماڵەکەیدا......................................................... ٣٨٤
دەرچوونی ئافرەتان بۆ مزگەوت........................................................... ٣٨٦
چاولێکەری مەئموم بۆ ئیمام................................................................. ٣٨٧
ئامین کردن لە نوێژدا........................................................................ ٣٨٩
ئاگادارکردنەوە لە ناو نوێژدا................................................................. ٣٩٠

**حوکمەکانی رۆژی هەینی .................................................................. ٣٩١**

فەزڵی رۆژی هەینی........................................................................... ٣٩١
خۆشۆردن و بۆن لەخۆدان و سیواك کردن لە رۆژی هەینیدا............................ ٣٩٤
واجبێتی بێدەنگ بوون بۆ وتاری هەینی و فەزڵەکەی..................................... ٣٩٥
سوننەت لە دوای هەینیەوە.................................................................... ٣٩٧
مەترسی وازهێنان لە نوێژی هەینی.......................................................... ٣٩٨

**حوکمەکانی تایبەت بە هەردوو جەژنەکە و نوێژەبارانە و نوێژی خۆرگیران و مانگ گیران ............................................................................................... ٤٠٠**

خواردنی چەند دانە خورمایەك پێش رۆیشتن بۆ نوێژی جەژنی رەمەزان................ ٤٠٠
دەرچوونی ئافرەتان بۆ نوێژی هەردوو جەژنەکە........................................... ٤٠١
چۆنێتی نوێژی جەژن.......................................................................... ٤٠٣
گاڵتە وگەپ کردن لە رۆژی جەژندا......................................................... ٤٠٥
ئەو کارانەی نەهی لێکراوە بۆ ئەو کەسەی قوربانی دەکات کاتێك دەچێتە ناو دە رۆژی
سەرەتای مانگی ذی الحجة................................................................... ٤٠٧
کاتی سەربڕینی قوربانیەکە.................................................................. ٤٠٨

دەرچوون بۆ نوێژگە بۆ نوێژەبارانە................................................................۴۰۹
چۆنێتی نوێژەبارانە................................................................۴۱۱
